# دادگایی کردنی ڕۆژنامەی هاوڵاتی بۆ؟

**تایەری حاجی حەسەن**
**هۆڵاندا**



بێگومانکردن، ئەگەر بخوازیت لە جیهانبینی سیاسەت و دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتیدا خوێندنەوەیەکت هەبێت بۆ ئاستی گەشەی تێگەیشتنەکانی کۆمەڵگا، بۆ گەشتنیان بە هەناسەیەکی ئازاد و دوور لە ڕیاکاری دەسەڵات خوازان، ئەوە دەگەیت بەو ئەنجامەی، کە گەشەی ڕووبەری ئازادی بۆ ژیان و ئازادی بۆ ڕادەربڕینێکی تاکیانە و دەستە جەمعی لە چ ئاستێکدایە.

خولیاکانی مرۆڤ بۆ ژیانێکی سەربەست و دوور لە داگیرکردنی ئەقڵ و جەستە، هەمیشە یەکێک بووە لە پێویستیەکانی ژیانی هەرچ تاکێک و، نەگەشتنی ئەو تاکەش یان ئەو کۆمەڵگایە بە سەربەستیەکی خۆویستانە، بە ناچاری و بە شێوازی جۆراو جۆر ئەو تاکەی خستۆتە نێو خەبات کردن و بەرەنگاری بوونەوە لە پێناو گەشتنی بە جیهانێک ،کە خۆی ویستوویەتی. بۆیە کۆمەڵگاکان لە ڕێی تاکەکانیەوە دەتوانێت ئەو پانتاییەی لە پێناسەیەکی مانای ئازادی و سەربەستیدا هەیە ، دەخوازێت وەدەستی بخات و لەم پێناوەشدا سەرگوزشتەی خەبات کردن و شۆڕش کردن دەبێتە ئەرکێکی سەرەکی بۆ گەشتنی بەو جیهانبینیە.
کۆمەڵگای کوردستان وەک هەرچ کۆمەڵگایەکی دی لەم پێکدادان و بەریەک کەوتنەی نێوان بەرژەوەندیەکانی دەسەڵات لەلایەک و بەرژەوەندیەکانی خەڵکیش لەلایەکی دی، جێگاوڕێگای ئەم دوو بۆ چوونە وای کردووە ئاستەنگی هەناسەدانێک بۆ ژیانێکی سەربەست و ئازاد، کۆمەڵگە بگەیەنێتەوە بەو بڕوایەی کە جیاوازیەکی ئەوتۆ نیە لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەی ئێستاو ئەو دەسەڵاتەی ڕژێمی ڕابردوودا.
چونکی کاتێک تۆ ویستت ژیانی ئەویتر تێک بشکێنیت و ئارەزوە سادەکانی ژیانی لێ بڕەنجێنیت، ئەو کات تۆی دەسەڵاتدار لە پێناو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆتدا، جیاوازیەک ناهێڵیتەوە لەگەڵ ئەو ڕژێمەی پێش خۆتدا. کاتێک جیهانبینی چەوساندنەوە و بێماف کردنی ئەژمارێکی زۆر لە خەڵکی دەبینیت و لەو بەریشەوە پێگەیشتوی و دەست ڕۆیشتووی بەرەیەکی پاوان خواز و زکتێر نەبوو دەبینت، ناگونجێت و خەیاڵاویە لەم ئاستەدا و لەم ڕووبەرە گەورەیەی نایەکسانیی بوونەدا، وتەیەکت هەبێت لەمەر بە دیموکراسی کردنی کۆمەڵگاو، بڵێیت، ئەوە ئێمەین بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی نوێ دادەمەزرێنین!

کاتێک ئێوەی دەسەڵاتدار لەهەر چرکەساتێکدا بۆتان بکرێت و هەلێکتان بۆ بڕەخسێت دریغی ناکەن لە کوشتنی هەناسەیەک کە خوازیارە لەبری دوێنی، ئەمڕۆ هەناسەیەکی ئازاد هەڵبمژێت. ئالێرەدایە ئێوەی دەسەڵاتدار لەبری بەژەوەندیە ئابوری و سیاسیەکانی خۆتان هەموو دەنگێکی سکولار و واقیع بینانە بەدوژمنی خۆتان دادەنێن و لەبەرەی تیرۆردا ناونووسیان دەکەن؟ ئەمە واقعی ڕاستی ئێوەیە و جیهانی پاوانخوازی دەسەڵاتی ئێوە هیچ کات ناتوانێت جیاوازتر بێت لەوەی دوێنێ. کاتێک هەرچ دەسەڵاتێک و لە ژێر ناونیشانی هەرچ پێناسەیەکدا خۆی پێناسە دەکات، ڕاست گۆییەکەی لەکاری کردەییدا بەدەر دەکەوێت. ئێوە وادەزانن ئەوەی چەند ڕۆژنامەیەکی دوور لەدەسەڵات نارەزایەتیەکانی خەڵکی و ئەگەرەکانی داهاتوی ئێوە دیاری دەکات، درۆ دەکەن و دوورن لە ڕاستی! بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە و ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان بە زۆرینەیەکیەوە لە ژێر دەورانێکی نامۆبووندا دەژین و دوێنێی ئێوە و ئەمڕۆی ئێوەی بە ئاشکرا بۆ ڕوون دەبێتەوە. لەبەر ئەوە دادگای کردنی ڕۆژنامەی هاوڵاتی دەبێتە پێویستیەکی دیکەی ئامانجەکانی ئێوە و واقعەن ئەم ڕۆژنامەیە بە پێی خواستەکانی ئێوە هەڵنەسوڕاوە. خۆ ئەگەر ئێوەی دەسەڵاتدار بەردەوام بن لەم دادگایی کردنانەی هەر دەنگێکی ئازاد و گەیاندنی ڕاستیەکان بە جەماوەر، ئەوکات باشتر وایە ڕاستەوخۆ خۆتان بخەنە بەرەی نەیارانی خەڵکەوە و بێشەرم کردن

بڵێن ئەوە ئێمەی دوێنیٚ نین، بەڵکو ئەوە ئێمەی دەسەڵاتدارین و بەرژەوەندی دەسەڵاتە چینایەتیەکەمان وادەخوازێت.
دیارە ململانێو کارە دزێوەکانی دەسەڵات هەمیشە دژ بە خواستەکانی خەڵکی بووە، تا ئەو کاتەی کە کۆمەڵگا خۆی توانیویەتی بگات بە درکێکی ڕۆشن و ئاستی هوشیاریەکەی بگات بە ئەندازەیەک کە خۆی بناسێت، تێگەیشتنەکانی دەسەڵاتداران بە بەردەوامی بۆ قازانجە تایبەتیەکانی خۆی درێژە بەگەندەڵ کاریەنی دەدات. ئێوەی دەسەڵاتدار هێند جیاوزیەکانتان زیاد کردووە لە نێوان خۆتان و خەڵکیدا، ئیتر هێندەی دووری ئاسمان و زەویە. ئاخۆ ئێوە چۆن پێتان دەکرێت لەلایەک بانگەشەی دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین دەکەن و لەلایەکی دیش هەرچی بێهوودەیی و نەخۆشی کوشندە هەیە بۆ نێو کۆمەڵگای دەنێرن. ئەریٚ پرسیوتانە لە خۆتان هۆکاری ئەم هەموو کوشتنەی ژنان بۆچی و ئاوارە بوونی ئەم نەوە نوێەیە بۆ؟ ئاخۆ بیرتان لەوە کردۆتەوە کە هۆکاری نەخۆشی کولێرا هەرئێوەن، کە ئێستا یەخەی بە خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت گرتوە؟ بۆ ناکرێت بپرسن کیٚ بەرپرسیارە لە دروست بوونی ڕێکخراوی تیرۆرستی ئەلقاعیدە؟ ئاخۆ ئەگەر ئێوە ئەو دەسەڵاتەبن کە لە ڕووی ڕاگەیاندن و بەرنامەکانی سەرکاغەزتان قسەی لەسەر دەکەن، بۆ نەتان پرسی ئەی ئەم ئامارە گەورانەی گەندەڵکاریەتان هۆکارەکەی چی بوو؟ ئایا ئەمەشتان هەر ڕۆژنامەی هاوڵاتی و دەنگە نارازیەکان هۆکاریەتی، یاخود تەنها خۆتانن لە ئەم هەموو نارێکیەی بە دەستانهێناوە؟ ئێوە تەنها کۆمەڵگەیک و خەڵکێکتان دەوێت هەردەم ملکەچی ئارەزوەکانتان بێت، بەڵام دیارە ئەم ئارەزوەتان لەناو هزری زۆرینەی خەڵکێک و ڕۆشنبیرانێک کە خواستێکی گەورەیان دابین کردنی ژیانێکی مەدەنیانە و ئینسانیانەیە جێگەی نابێتەوە.
بۆیە باشتر و ئینسانیانە تر وایە لەبری بە دادگایکردنی ڕۆژنامەی هاوڵاتی خۆتان بدەن بەدادگا و سەرجەم نارێکیەکانی ناو ژیانی کۆمەڵگەش بخەنە ئەستۆی خۆتان، جا ئەوکات بەڕاستی بۆ خەڵکیش ڕوون دەبێتەوە کە ئێوە نوێنەری ڕاستەقینەی گەلن و تیرۆرزمی دڕندەی ئەلقاعیدەش خۆرسکیانە دەپوکێتەوە. دەبێت بپرسین ئەوانەی ئەمڕۆ لەبەرەی ئیسلامی سیاسین و کار بۆ ئەوە دەکەن کۆمەڵگا بگەڕێننەوە بۆ سەردەمی جەنگەڵستانی و ژنانی تێدا قەسابی بکەن، چ هۆکارێک لەپشت ئەم ڕەگە نادروستەوەیە؟ ئایا هەر ئێوە و دەسەلاتدارانی کە نین پشت و پەنای هەرچی گروپی دژە ئینسانیە؟ ئایا هەرئێوە نەبوون بەردەوام لە بونیاتێکی مەدەنیانەی ناوکۆمەڵگا دەدەن و سەرکوتی دەکەن؟ بونیاتێک زۆر بەئەمەک و زۆر هوشیارانە دەیەوێت کۆمەڵگە وەرچەرخێنێت بۆ جیهانبینیەک کە ئازادی بۆخۆی بتوانێت بای باڵی خۆی بدات و هەرچ مەحرومیەتێک و هەرچ نایاساغیەک هەیە لەبەریەک هەڵبتەکێنێت؟ بۆیە واقعیەتێک لەو ڕۆژنامەیەدا بوونی هەیە ئەویش ئەوەیە باس لە ڕاستیەکان دەکات، ئەگەرنا ئەو ڕۆژنامەیە نەبووە بەترسێک بۆ شۆڕش کردنە سەر دەسەڵاتی ئێوە.

2007/09/03